(نیگارەکانی ئەم کتێبە نووسەر بۆ خۆی کێشاونیەوە)

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی
**ئاراس**

زنجیرەی رۆشنبیری

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**
**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**
* * *

کتێب: شازادە چکۆلە
دانانی: سەنت ئێگزوپێری
وەرگێڕانی: ئاسۆ عەبدوڵڵا حەسەن زادە
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٥٥
بەرگ: شکار عەفان نەقشبەندی
نووسینی بەرگ: خۆشنووس محەمەد زادە
پیت لێدان: نسار عەبدوڵڵا
دەرهێنان: دلاوەر صادق ئەمین
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
چاپی یەکەم - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە
هەولێر- ٢٠٠١
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی رۆشنبیری و هونەر
ژمارە (١٤٥)ی ساڵی ٢٠٠١ دراوەتێ
* * *

نووسەری

# شازادە چکۆلە

ئانتوان دو سەنت ئێگزوپێری ساڵی ١٩٠٠ لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند لە دایک بوو. لە چاردە ساڵیدا باوکی و سێ ساڵ دواتر براکەی لە دەست دا. ئەو کە هەر لە منداڵییەوە حەزی لە ئاسمانەوانی بووە، پاش تەواو کردنی خوێندن لە قوتابخانە کاتۆلیکەکانی سویس و فەڕانسە، لە پاریس لە کۆنکوری قوتابخانەی فڕۆکەوانیدا بەشدار دەبێ، بەڵام وەرناگیرێ و بڕیار دەدا بچێتە قوتابخانەی هونەرە جوانەکان.

ساڵی ١٩٢١ دەچێتە خزمەتی سەربازی کە لە ستراسبورگ لە ئەرتەشی هەواییدا و لە پێشدا وەک مێکانیسیەن و دواتر وەک فڕۆکەوان بەجێی دەگەیەنێ. ئەو کە هەر لە زۆر زووەوە دەستی بە نووسین کردبوو، پاش ئەوەی ساڵی ١٩٢٣ لە سوپا دێتە دەر بە کاری جۆراوجۆرەوە خەریک دەبێ بەڵام زیاتر خۆی بۆ نووسین تەرخان دەکا و یەکەم بەرهەمی خۆی کە لەسەر فڕۆکەوانی نووسیبووی ساڵی ١٩٢٥ چاپ دەکا.


ساڵی ١٩٢٦ لە کۆمپانیای هەوایی تولوز بۆ گواستنەوەی نامە لەنێوان فەڕانسە و ئەفریقا دادەمەزرێ و «تەتەری باشوور» ١٩٢٩ لەو سەردەمەدا دەنووسێ. ساڵی ١٩٢٧ دەنێردرێتە مۆریتانیا و بەرپرسیاریی رزگارکردنی ئەو فڕۆکەوانانەی پێ دەسپێردرێ کە دەکەونە مەترسییەوە و دواتر بە مەبەستی کردنەوەی هێڵی هەوایی تازە دەچێتە ئەمریکای باشوور (بۆینس ئایرێس). ساڵی ١٩٣١ «فڕینی شەو» کە بەسەرهاتی فڕۆکەوانەکانی ئەو هێڵە دەگێڕێتەوە چاپ دەکاو دواتر خەڵات دەکرێ. سەنت ئێگزوپێری قارەمانانی فڕۆکەوانیی لە نزیکەوە ناسیوە.

لە ساڵی ١٩٣١ەوە کەمتر دەفڕێ و زیاتر بە نووسینەوە خەریک دەبێ، لەگەڵ ئەوەشدا لە «ئێر فرانس» دادەمەزرێ. ساڵی ١٩٣٦ بەهۆی هێندێک گیروگرفتی فڕۆکەکەی ناچار دەبێ لە سەحرای لیبیا بنیشێتەوە و ساڵی ١٩٣٨ لە سەفەرێکی نێوان نیویۆرک و ڤیەتنام لە گواتیمالا لە

و شوێنەواره شوومەکانی جیهانی مۆدێرن لە سەر بیر و کردەوەی لە قاو دەدا و رەخنەیان لێ دەگرێ.

«شـــازاده چکۆله» کـــه به ناوبانگتـــرین چیـــرۆکی منداڵانەی ئەدەبی فەرەنسییە و بە یەکێک لە سەمبۆلە فەرهەنگییەکانی فەرانسە دەژمێردرێ شاکاری شاعیرانە و هونەرمەندانەی سەنت ئێگزوپێرییە. نووسەر ئەم بەرهەمەی بە رواڵەتی ساکار و شێوازی گێرانەوەی بۆ منداڵان نووسیوە، بەڵام ناوەرۆکی پڕ مانا و دەوڵەمەندی «شازاده چکۆله» ئەویان کردووەتە کتێبی گشت تەمەنەکان کە ورد و درشت و گەنج و پیر دەتوانن بیخوێننەوە هەتا چێـژی خـۆیانی لێ وەربگرن و بە شـێـوەی خـۆیان لێی تێ بگەن. «شـازاده چکۆله» تابلۆیەکی جـوان و خـەیاڵاوی، فـەلسـەفـەی سـۆز و خۆشەویستی و ئاوێنەی تایبەتمەندییەکانی مرۆڤە.

بۆ ئامادە کردن و چاپی «شازاده چکۆله» زۆر کەس هاوکارییان کردووە کـە حـەز ناکـەن لێـرەدا ناویان بهـێـنرێ، لەگـەڵ ئەوەشـدا سـوپاس و ئەمەگناسییان بە پێویست دەزانرێ.




# ١

تەمەنم شەشساڵ بوو جارێکیان لە کتێبێکدا بە ناوی «سەربردە راستەقینەکان» کە لەبارەی «لێڕەواری زەنوێر»[١]ەوە نووسرابوو، چاوم بە وێنەیەکی زۆر جوان کەوت. وێنەکە بریتی بوو لە حەزیایەک کە خەریکی قووت دانی دڕندەیەکی دارستان بوو. ئەمەش نموونەیەک لەو وێنەیە.

لەو کتێبەدا نووسرابوو: «حەزیاکان نێچیری خۆیان بەساغی و بێ ئەوەی بیجوون قووت دەدەن و پاشان ئیدی ناتوانن ببزوون و بەدرێژایی شەش مانگی هەرس کردنی خەویان لێ دەکەوێ.»

ئەمە هێنامیە سەر ئەوەی زۆر بیر لە ڕووداوەکانی نێو لێرەوار بکەمەوە و



توانیم بە قەڵەم ڕەنگ یەکەم وێنەم بکێشمەوە. وێنەی ژمارە یەکم بەم

---

(١) دارستانی ناوچە گەرمەکانی هەڵکەوتوو لەسەر هێڵی کەمەری (خط استوا) ـ و

لەلای گــەورەکـــان ژیاوم و ئەوانم لە نزیکەوە دیتـــووە. بەڵام ئەمـــە شوێنەوارێکی باشی ئەوتۆی لەسەر بیروبۆچوونم دانەناوە.

هەر کات لە نێو گەورەکاندا یەکێکم کەمێک ژیر دەهاتە بەر چاو، بە وێنەی ژمارە ١ کە هەروا رام گرتووە، تاقیم دەکردەوە. دەمەویست بزانم بەڕاستی تێگەیشتووە. کەچی هەموو جارێ وەڵام هەر ئەوە بوو کە «ئەمە کڵاوە». ئیدی ئەمنیش نە باسی حەزیاکانم بۆ دەکرد و نە باسی لێرەواری زەنوێر و نە باسی ئەستێرەکان. خۆم دێنایە ریزی ئەو و باسی بریج[٣] و گۆڵف[٤] و سیاسەت و کراواتم بۆ دەکرد. ئەویش لەوە کە مرۆڤێکی وا ژیری ناسیوە، دڵخۆش بوو.

## ٢

بەم جۆرە من ژیانم بە تەنیایی بردە سەر، بێ ئەوەی کەسێک هەبێ بەڕاستی لەگەڵی بدوێم.

هەتا ئەو ئەو رۆژەی شەش ساڵ لەمەوبەر بەهۆی خرابوونی فڕۆکەکەمەوە ناچار بووم لە بیابانی سەحەرە[٥] بنشیمەوە. شتێکی نێو ماتۆڕی فڕۆکەکەم شکا بوو و لەبەر ئەوەی نە وەستاکارێکم لەگەڵ بوو و نە هاوسەفەرێک، دەمەویست بۆ خۆم هەوڵ بدەم بە تەنیا چاکی بکەمەوە. شتێک کە ئاسان نەبوو. ئەو رۆژە ئەمن گیانم لە مەترسیدا بوو. ئاوی خواردنەوەم تەنیا بەشی هەشت رۆژ پێ بوو.

شەوی یەکەم لەسەر رەمڵی ئەو بیابانەی بە هەزار میل لە هەر خاکێکی ئاوەدان دوور بوو، خەوم لێ کەوت. من زۆر لەو کەسە تەنیاتر بووم کە پاپۆڕەکەی لێ نوقم بووبێ و لە نێوەڕاستی دەریادا بەسەر تەختەدارێکەوە گیرسابێتەوە.

---

(٣) یارییەکی کارتە.

(٤) یارییەکە بریتییە لەوەی تۆپێکی چکۆلە بهاویتە نێو کۆمەڵێک کونی بچوک.

(٥) بیابانی گەورەی ئەفریقا ـ و

گەورەکان لە تەمەنی شەش ساڵیمدا لە نیگارکێشان دڵساردیان کردمەوە و جگە لە حەزیای ئاوەڵا و داخراو فێری کێشانەوەی هیچ شتێک نەبووم.


بە چاوانی زەق و سەری سوڕماوەوە سەیری ئەو تارماییەم کرد. لە بیرتان نەچێ کە بە هەزار میل لە هەر خاکێکی ئاوەدان دوور بووم. کەچی پیاوە چکۆلەکەی من هیچ وەک ئەوە نەدەچوو کە ڕێی لێ ون بووبێ، یان لەبەر ماندوویی و تینوێتی و برسیەتی و ترس لە پێ کەوتبێ، ئەو بە هیچ جۆر وەک منداڵێک نەدەچوو کە لە شوێنێکی بە هەزار میل دوور لە هەر خاکێکی ئاوەدان لە چەقی بیاباندا گیرسابێتەوە. سەرەنجام کاتێک توانیم وە قسە بێم پێم گوت:

– باشە ئەتۆ لێرە چ دەکەی؟

ئەو زۆر بە هێمنی و وەک ئەوەی قسەیەکی زۆر گرنگم پێ بڵێ، دووپاتی کردەوە:

– تکایە... مەڕێکم بۆ بکێشەوە...

کاتێک مرۆڤ دەکەوێتە نێو نهێنییەک کە بیبهەژێنێ، توانای بێ قسەیی کردنی نامێنێ. ئەمن کە ئەو دیمەنەم لە جێیەکی بە هەزار میل دوور لە هەر خاکێکی ئاوەدان و لەنێو مەترسیی مردندا بە ئەقڵدا نەدەچوو، کاغەز و پاندانم لە گیرفانم دەرهێنا. بەڵام لەپڕ وە بیرم هاتەوە کە من بە تایبەتی جوغرافیا، مێژوو، ئەژمێر و ڕێزمانم خوێندووە. بۆیە کەمێک بە نێوچاوان گرژی بە مرۆڤە چکۆلەکەم گوت کە من نیگارکێشان نازانم. ئەو لە وەڵامدا گوتی:



– قەیدی نییە. مەڕێکم بۆ بکێشەوە.

لەبەر ئەوە کە قەت مەڕم نەکێشابووەوە، یەکێک لەو تەنیا دوو وێنەیە کە دەم زانین، واتە حەزیای داخراوم کێشایەوە. لە قسەی مرۆڤە چکۆلەکە

– چونکه ماڵەکەم زۆر چکۆلەیە.
– هەڵبەت بەشی دەکا. ئەمن مەڕێکی زۆر چکۆلەم داوە بە تۆ.
سەری بۆ لای وێنەکە شۆڕ کردەوە و گوتی:
– هێندەش چکۆلە نییە. سەیر کە، خەوی لێ کەوت.
بەم جۆرە شازادە چکۆلەم ناسی.

## ٣

زۆری پێ چوو تا تێ گەیشتم لە کوێ ڕا هاتووە. شازادە چکۆلە کە زۆر شتی لە من دەپرسی، قەت وەک ئەوە نەدەچوو پرسیارەکانی منی گوێ لێ بێ. لەو شتانە کە ئەو بە هەڵکەوت دەری دەبڕین، بەرە بەرە هەموو شتێکم بۆ دەرکەوت. بەم جۆرە کاتێک بۆ یەکەم جار چاوی بە فڕۆکەکەم کەوت (فڕۆکەکەم ناکێشمەوە. ئەوە بۆ من زۆر دژوارە) لێی پرسیم:



– ئەو شتە چییە؟
– ئەمە شت نییە. ئەمە هەڵ دەفڕێ. ئەمە فڕۆکەیە. فڕۆکەی منە.
ئەمن ئەو کاتە زۆر شاییم بە خۆم بوو کە بەوم دەگوت دەفڕم.
کە ئەمەی بیست هاواری کرد:
– چۆن! ئەتۆ لە ئاسمان بەر بوویەوە؟
بە خۆ بەکەم گرییەوە گوتم: بەڵێ!
– ئای! ئەمە خۆشە!

بەڵام ئەو وەڵامی نەدامـەوە. لە کاتێکدا بە دەم سەیر کردنی فـڕۆکەکەی منەوە بەسپایی سەری رادەوەشاند گوتی:

– تۆ بە خۆت و بەم دەزگایەتەوە نابێ لە ڕێیەکی دوورەوە هاتبی...

ئەمەی گوت و لە گژ خەیاڵێکی درێژ راچوو. پاشان کوتە کاغەزەکەی لە گیرفانی دەرهێنا و نوقمی سەیر کردنی گەنجینەکەی بوو.

مـەزانـن لەوە کـە ئەوەنـدە نهـێنییـەم لەسـەر «ئەسـتێـرەکـانی دیکە» بۆ درکابوو، چەندە سەرم سوڕمابوو. هەر بۆیە هەوڵم دەدا زیاتری لە سەر بزانم و گوتم:

– پیـاوە گـچکەکـەی خـۆم لـە کـوێوە هاتـووی؟ «مـاڵەکـەی تۆ» چییـە؟ دەتەوێ مەڕەکەی من بۆ کوێ بەری؟

پاش بێدەنگی و بیر کردنەوەیەک وەڵامی دایەوە:

– ئەوەی چاکـە، ئەو سندووقـەی ئەتۆ وێت داوم، دەتوانێ شـەوانە لە جیاتی ماڵ کەڵکی لێ وەربگرێ.

– هەڵبــەت. جـا ئەگـەر ئاقڵ بی، پەتێکیــشت دەدەمێ بە رۆژ پێی بیبەستییەوە. سنگێکیش.

شازادە چکۆلە پێشنیارەکەمی پێ سەیر بوو و گوتی:

– بەستنەوە؟ چ بیرێکی سەیر!

– ئاخر ئەگەر نەیبەستیەوە بەم لا و ئەو لادا دەڕوا و ون دەبێ...

هەڤاڵەکەم سەرلەنوێ لە قاقای پێکەنینی دا و گوتی:

– باشە دەچێتە کوێ؟


– هەر کوێیەک بێ، ملی رێگا دەگرێ و راست دەڕوا.

شازادە چکۆلە سەرنجێکی وردی دا و گوتی:

– قەیدی نییە. ماڵەکەی من ئەوەندە چکۆڵەیە!

ئەمجار وەک ئەوەی ماخولیا بووبێ، گوتی:


– ئەگەر راست بڕوا ناتوانێ زۆر دوور کەوێتەوە.



ئورووپا نەکاتە بەر، سزای مردن دەبێ.

ئەستێرەناسی تورک ساڵی ١٩٢٠ لە جل و بەرگێکی رازاوەدا سەرلەنوێ دۆزینەوەکەی خۆی هێنایەوە گۆڕێ. ئەم جارەیان ئیدی هەموو کەس باوەڕی پێ کرد.

ئەگەر ئەم وردە شتانەم لە بارەی وردەستێرەی ب٦١٢ وە گێڕانەوە و ژمارەکەیم پێ گوتن، هەمووی لەبەر گەورەکانە. گەورەکان زۆر حەز لە ژماران دەکەن. کاتێک باسی دۆستێکی تازەیان بۆ دەکەی، هەرگیز لەسەر شتی بنەڕەتی پرسیارت لێ ناکەن. بۆ وێنە قەت لێت ناپرسن «دەنگی چۆنە؟ حەز لە چ یارییەک دەکا؟ پەپوولان کۆ دەکاتەوە یان نا؟» بەڵکوو لێت دەپرسن: «تەمەنی چەند ساڵە؟ چەند برای هەن؟ چەند کیلۆیە؟ داهاتی باوکی چەندە؟» ئیدی هەر بەو شتانە پێیان وایە دەیناسن. ئەگەر بە گەورەکان بڵێی «چاوم بە خانووەکی جوان کەوت بە خشتی سوور دروست کرابوو و گوڵی شەمدانیی لەبەر پەنجەرەکان دانرابوون و کۆتر لەسەر گوێسوانەکانی هەڵ نیشتبوون».



ناتوانن ئەو خانووە بێننە بەر چاوی خۆیان. دەبێ پێیان بڵێی «خانوویەکم دی بە سەد هەزار فرانک!» ئەو دەم هاوار دەکەن: «ئای کە

دەکێشم. هەروەها لەسەر هێندێک وردە شتی گرینگتری دیکەش بە هەڵە دەچم. بەڵام لەمەیاندا دەبێ ببوورن. هەڤاڵەکەم قەت شتی بۆ روون نەدەکردمەوە. رەنگە پێی وابووبێ ئەمنیش وەک خۆی وام. بەڵام بەداخەوە ئەمن ناتوانم مەڕان لە نێو سندووقاندا ببینم. رەنگە ئەمنیش نەختێک وەک گەورەکان بم. رەنگە گەورە بووبم.

٥

هەر رۆژە شتێکم سەبارەت بە ئەستێرەکەی و، بە وەرێ کەوتن و بە سەفەرەکەی بۆ دەردەکەوت. ئەمانەم بە رێکەوت و لە سەرەخۆ لە قسەکانیدا دەهاتنە دەست. هەر بەم چەشنە رۆژی سێهەم لە بەڵای باهۆبابەکان(٧) ئاگادار بووم.

ئەمجارەش هەر بەهۆی باسی مەڕەکەوە بوو. چونکە شازادە چکۆلە لەنەکاو و وەک ئەوەی گومانێکی زۆر گرتبێتی، لێی پرسیم:

– راستە مەڕ نەمامەکان دەخوا؟

– بەڵی ڕاستە.

– ئای پێم خۆشە.

تێ نەگەیشتم ئەوە کە مەڕ نەمامان دەخوا بۆ دەبێ ئەوەندە گرنگ بێ.
شازادە چکۆلە دیسان پرسی:

– کەوایە باهۆبابیش دەخوا!

بە شازادە چکۆلەم گوت باهۆبابەکان نەمام نین. بەڵکو داری بەرزی بە قەد کلیساکان کە ئەگەر رەوەیەک فیلیش لەگەڵ خۆی بێنێ هێشتا ناگەنە تلۆفکی یەکێک لەو دارانە.

کە باسی رەوە فیلم کرد شازادە چکۆلە پێکەنی:

– دەبێ لەسەر یەکیان دانێی...

بەڵام ژیرانە قسەکەی درێژەداو وتی:

---


(٧) جۆرە درەختێکی زۆر گەورەی ئەفریقا ـ و



دیســیـپلینه. کـاتێک بەیانان لە پاک و خـاوێنیی خـۆت دەبیـەوە دەبێ خـەریک بی بە وردی ئەسـتـێـرەکـەت خـاوێن کـەیەوە. دەبێ ناو بە ناو باهۆبابەکـان هەر کە ناسیتنەوە هەڵ کەنـی، ئاخر بە بچووکی زۆر وەک چڵە ڕۆزەکان دەچن. ئەمە ئیشێکی زۆر ناخۆش بەڵام زۆر ئاسانە».

ڕۆژێکیش ئامۆژگاریی کردم کە وێنەیەکی زۆر جوان بکێشمەوە بۆ ئەوەی منداڵانی لای خۆمان باش لەو مەسەلەیە تێ بگەیەنم.

ئەو دەیگوت: «ئەگەر ڕۆژێک سەفەریان کرد، ئەمە دەتوانێ بە کەڵکیان بێ، هێندێک جار ئەگەر ئیشەکەشت وەدوا بخەی مەسەلەیەک نییە. بەڵام نەک سەبارەت بە باهۆبابەکان. ئەوان هەمیشە بەڵان. ئەستێرەیەکم دیتووە تەوەزەلێکی لەسەر دەژیا. سێ بڕکە باهۆبابی پشت گوێ خستبوو.» بەهۆی ڕێنوێنییەکانی شازادە چکۆلەوە ئەو ئەستێرەیەم کێشایەوە. ئەمن نامەوێ وەک کـەسـێک بدوێم کـە ڕەوشت فـێـری خـەڵک دەکـا. بەڵام مـەترسـیی باهۆبابەکـان ئەوەندە کـەم ناسـراون و بۆ وردەسـتـێـرەیەک ئەوەندە زۆرن کـە



٦

ئای، شازادە چکۆلە! بەرەبەرە لەو ژیانە
بچووک و خەماوییەت گەیشتم. ماوەیەکی درێژ تەنیا
شت کە تۆ خۆتت پێوە دەخافلاند، جوانیی ئاوا بوونی
هەتاو بوو. ئەمەم بەیانیی ڕۆژی چوارەم بۆ دەرکەوت
کاتێک پێت گوتم:

– ئەمن ئاوا بوونی هەتاوم زۆر پێ جوانە،
با بچین سەیری بکەین...

–دەبێ جارێ چاوەڕوان بین.

– چاوەڕوانی چی؟

– چاوەڕوان بین خۆر ئاوابێ.

هەولّی خۆم دا، بەلاّم سەرنەکەوتم. کاتێک وێنەی باهۆبابەکانم کێشایەوە، هەست کردن بەو مەترسییە گوڕ و توانای زیاتری دامێ.

لە پێشدا زۆر سەرسوڕماو دیار بووی. ئینجا لە خۆتەوە دەستت کرد بە پێکەنین. تۆ پێت گوتم:

– هەر پێم وایە لەسەر ئەستێرەکەی خۆمم!

لەراستیدا وەختێک لە ئەمریکا نیوەڕۆیە، هەموو کەس دەزانێ کە لە فەڕانسە ڕۆژ ئاوا دەبێ. ئەوەندە بەسە لە خولکەیەکدا بچیە فەڕانسە بۆ ئەوەی سەیری ئاوابوونی هەتاو بکەی. بەداخەوە فەڕانسە زۆر لێرە دوورە.

شـازاده چکۆلە کـاتێک پرسـیـارێکی دەکـرد، هەتا وەڵامی نەدرابایەوە وازی نەدەهێنا. ئەمنیش کـە بە دەست برغـووەکـەمـەوە جـارِز ببـووم، وەڵامێکی بێ مانام دایەوە و گوتم:

– درِوو بە کـەڵکی هیچ نایەن. ئەوان تەنیـا نیـشـانەی بەدفـەرِیی گوڵەکانن و هیچی تر.

– حەح...

بەڵام دوای تاوێک بێدەنگی بە رق و قینێکی تایبەتییەوە گوتی:

– باوەرِت پێ ناکـەم، گـوڵەکـان بێ دەسـەڵاتن، سـاکـارن و هەر چۆنی بتوانن خۆیان دڵنیا دەکەن. پێیان وایە بەو درِکانەوە زۆر بەسامن.

هیچ وەڵامم نەدایەوە. لەو کاتەدا لە دڵی خۆمدا دەمگوت: «ئەگەر ئەو برغـوویە هەروا بەربەرەکـانیم بکا، بە چەکـوچێک دەی قـرتێنم». شـازادە چکۆلە دیسان هەودای بیرمی پساندەوە:

– یانی ئەتۆ... ئەتۆ پێت وایە گوڵەکان...

– نەخێر جا! نەخێر! ئەمن پێم وا نییە. ئەمن خەریکی شتی گرینگم.

بە سەرسورِماوی سەیرێکی کردم و گوتی:

– شتی گرینگ!

ئەو کـە منی چەکـوچ بەدەست و بە قـامکی چەور و رەشـەوە دەدی کـە داهاتوومەوە سەر شتێکی زۆر ناحەز، گوتی:

– ئەتۆ وەک گەورەکان قسە دەکەی!

لەم قسـەیەی کـەمـێک بە خـۆمـدا شکـامـەوە. بەڵام ئەو بێ بەزەییـیـانە لەسەری رۆیشت:

– ئەتۆ هەموو شتێک لێک دەدەی، هەموو شتێک تێکەڵ دەکەی!

ئەو بەرِاستی زۆر توورِە دیار بوو. با قژە زێرِینەکانی دەجوولاند. ئەمجار گوتی:


– ئەستێرەیەک پێ دەزانم پیاوێکی سوور سووری لێ دەژی، قەت بۆنی بە گـوڵێکەوە نەکـردووە. قـەت سـەیری ئەسـتـێـرەیەکی نەکـردووە. هەرگـیـز

نەکاو هەموو ئەستێرەکان بکوژێنەوە. جا ئەوە گرینگ نییە.

هیچی دیکەی پێ نەگوترا و لەپڕ لە پرمەی گریانی دا. شەو داهاتبوو. ئەمن ئامرازەکانم وەلا نابوو. گاڵتەم بە چەکوچەکەم، بە برغووەکەم، بە تینووەتی و تەنانەت بە مردن دەهات. لەسەر ئەستێرەیەک، ئەستێرەکەی من، (زەوی)، شازادە چکۆلەیەک هەبوو کە دەبوو دڵخۆشی بدرێتەوە. لە باوەشم گرت. رام دەژاند و پێم دەگوت: «ئەو گوڵەی ئەتۆ خۆشت دەوێ لە مەترسیدا نییە... دەمبێنێک بۆ مەڕەکەت دەکێشمەوە، جلێکی ئاسنینیش بۆ گوڵەکەت و...» ئیدی نەمدەزانی بڵێم چی. هەستم دەکرد زۆر دەستەوەستانم، نەم دەزانی چۆنی ژیر بکەمەوە، چۆنی ئاشت کەمەوە. دنیای فرمێسکان ئەوەندە بەنهێنییە!

## ٨

زۆری پێ نەچوو ئەو گوڵەم باشتر ناسی. لەسەر ئەستێرەکەی شازادە چکۆلە هەمیشە جۆرە گوڵێکی ساکار هەبوون کە تەنیا پەلکێکیان هەبوو، جێگایان نەدەگرت و کەسیان ئازار نەدەدا. ئەو گوڵانە بەیانییەک لەنێو گژ و گیادا سەریان وەدەر دەنا و ئێواریٚ ون دەبوون. بەڵام ئەمەیان لە دەنکێک شین ببوو کە نازانین لە کوێوە هاتووە و شازادە چکۆلە زۆر لە نزیکەوە سەیری ئەو چڵەی کردبوو کە هیچ وەک ئەوانی دیکە نەدەچوو. لەوانەبوو جۆرێکی تازەی باهۆباب بێ. بەڵام بڕکەکە زۆر زوو لە هەڵدان وێستا بوو و دەستی کردبوو بە دروست کردنی گوڵێک. شازادە چکۆلە کە دەیدی خونچەیەکی زۆر گەورە خەریکە دەپشکوێ، باش دەیزانی کە دیمەنێکی نائاساییی لێ دەردەچێ. گوڵەکەش لەنێو ماڵە کەسکەکەیدا هەتا دەهات جوانتر دەبوو. رەنگەکانی خۆی بە وردی هەڵدەبژارد. لە سەرەخۆ خۆی دادەپۆشی و پەلکەکانی یەک بە یەک رێک دەخست. ئەو نەیدەویست کاتێک دەرکەوت وەک گوڵاڵەکان گنج و لۆنجی تێدابێ. ئەو دەیەویست کاتێک دەرکەوت جوانییەکەی تیشک بدا. ئەدی چۆن! ئەو زۆر بەنازبوو!



ئازار دابوو. بۆ وێنە ڕۆژێکیان لە باسی چوار دڕکەکەی خۆیدا پێی گوتبوو:
– بەبرەکان دەتوانن بە خۆیان و چنگەکانیانەوە بێن!
– ئەستێرەی من بەوری لێ نییە. ئەمجار، خۆ بەور گیا ناخوا.
گوڵەکە لە سەرەخۆ وەڵامی دابووەوە:
– ئەمن گیا نیم.
– بمبوورە...
– ئەمن هیچ لە بەور ناترسم. بەڵام بە با زۆر تووڕەم. با گێڕەوەت نییە؟
شازادە چکۆلە لە دڵی خۆیدا گوتبووی: «بە با تووڕەیە... ئەمە و ئەستێرەیان نەگوتووە. ئەم گوڵە زۆر بە زەحمەتە...»
– شەوانە دەبێ بە قاوغێکی شووشە دامپۆشی. ئەستێرەکەی تۆ زۆر ساردە. ئێرە جێیەکی ڕێک و پێک نییە. ئەو جێی لێی بووم...
بەڵام گوڵەکە قسەکەی بڕیبوو. ئاخر ئەو بە دەنکی هاتبووە ئەو ئەستێرەیە و بۆی نەکرابوو جیهانەکانی دیکە بناسێ. هەر بۆیە لەوە کە شازادە چکۆلە بەو درۆ زەقەی زانیبوو بەخۆدا شکا بۆوە و بۆ ئەوەی قسەکەی بسەلمێنێ دوو سێ جار پشمیبوو:
– ئەدی باگێڕەوەکە بوو بە چی؟...
– دەمویست بچم بیهێنم، بەڵام ئەتۆ لە قسانت گرتم.

## ٩

بۆ هەڵاتن، وا بزانم کەڵکی لە کۆچی کۆمەڵێک باڵندەی کێوی وەرگرت. بەیانیی ڕۆژی وەڕێ کەوتن ئەستێرەکەی خۆی جوان ڕێک و پێک کرد و گڕکانە چالاکەکانی زۆر بە وردی خاوێن کردنەوە. ئەو دوو گڕکانی چالاکی هەبوون کە بە ئاسانی دەیتوانی نانی بەیانییان پێ گەرم بکا. گڕکانێکی کوژاوەشی هەبوو. بەڵام هەر بە هیوا بوو ڕۆژێک هەڵبێتەوە و دەیگوت: «کێ دەزانێ؟» هەر بۆیە ئەویشی خاوێن کردەوە. گڕکانەکان ئەگەر باش خاوێن بکرێنەوە ئارام و ڕێک و پێک دەسووتێن و هەڵناچن. هەڵچوونی گڕکانەکان وەک گڕگرتنی ئاوری نێو کورەیەکە. دیارە ئێمە لەسەر زەوی زۆر لەوە بچووکترین کە بتوانین گڕکانەکانمان خاوێن کەینەوە و هەر بۆیەش ئەوەندەمان گیرو گرفت بۆ پێک دێنن.

شازادە چکۆلە بە کەمێک خەم و پەژارەوە دوایین بڕکە باهۆبابەکانیشی هەڵکەند. پێی وابوو قەت نایەتەوە. بەڵام ئەو بەیانییە هەموو ئەو ئیشە خۆماڵییانەی یەکجار پێ خۆش بوو. کاتێکیش بۆ دواجار گوڵەکەی ئاو دا و خەریک بوو قاوغە شووشەکەی بە سەر ڕۆکا، هەستی کرد پێی خۆشە بگریەت. بە گوڵەکەی گوت:

– بە خوات دەسپێرم!

بەڵام گوڵەکە وەڵامی نەدایەوە. شازادە چکۆلە دووپاتی کردەوە:

– بە خوات دەسپێرم!

گوڵەکە پشمی. بەڵام ئەو پشمینە لەبەر هەڵامەت نەبوو. سەرەنجام وەقسە هات:

– ئەمن بێ ئەقڵ بووم. داوای لێبووردنت لێ دەکەم. هەوڵ بدە بەختەوەر بی.

شازادە چکۆلە پێی سەیر بوو کە گوڵەکە لێی بەگلەیی نییە. سەرسوڕماو

– هەڵامـەتێکی وام لێ نیـیـە... هەوای فـێنکی شـەوانەم بۆ باشـە. ئەمن گوڵێکم.

– ئەدی گیانداران؟

– خـۆ دەبێ دوو سێ کـرم هەبن کـە ببنە پەپوولە و لێم هاڵێن. دەڵێن پەپوولە زۆر جـوانن. وا نەبێ کێ دێتـە لام. ئەتۆ دوور دەکـەویەوە. لە دڕندەش ناترسم. ئەمنیش چنگوڕکی خۆم هەیە.

گوڵەکە بە ساویلکەیی چوار دڕکەکەی خۆی نیشان دا. ئینجا گوتی:

– هەروا مەمێنەوە. پێی تووڕەم. بڕیارت داوە بڕۆی ، بڕۆ.

ئاخـر حـەزی نەدەکرد شـازادە چکۆلە بیبـینێ دەگریەت. ئەو گـوڵێکی ئەوەندە لووتبەرز بوو.

## ١٠

شازادە چکۆلە گەیشتبووە ناوچەی وردەستێرەکانی ٣٢٥، ٣٢٦، ٣٢٧، ٣٢٨، ٣٢٩ و ٣٣٠. هەر بۆیە دەسـتی کرد بە سەردانیـان، بۆ ئەوەی هەم خۆی بخافڵێنێ و هەم شت فێر بێ. ئەستێرەی یەکەم پاشایەکی لێ دەژیا. پاشا لە بەرگێکی ئەرخەوانی و قاقمیدا لەسەر تەختێکی زۆر ساکار بەڵام بە شکۆ دانیشـتبوو. ئەو هەر کە چاوی بە شازادە چکۆلە کەوت هاواری کرد:

– ئای... ئەوەتا ڕەعیەتێک!

شـازادە چکۆلە لە دڵی خـۆیدا گـوتی: «چۆنم دەناسێ؟ خـۆ قـەت نەیدیتووم!» ئەو نەیدەزانی بۆ پاشـاکـان مەسـەلەکە زۆر ساکـارە. هەمـوو خەڵک ڕەعیەتن.

پاشـا لەوە کـە سـەرەنجـام کـەسێک هەبوو دەسـەڵاتی خـۆی بە سـەردا بسەپێنێ زۆر خۆی پێ گەورە بوو و گوتی:

– نزیک بەوە با باشترت ببینم.

شـازادە چکۆلە چاوی گێـڕا جـێیـەک هەبێ لێی دانیـشێ. بەڵام کـەوای

کەسم نەدیوە باوێشکان بدا. باوێشک بۆ من کەم
هەڵ دەکەوێ. دەی، باوێشک بدە، دیسان، فەرمانە!
شازادە چکۆلە کە سوور سوور هەڵگەڕابوو، گوتی:
– شەرمێ دەکەم... چیدی ناتوانم...
پاشا وەڵامی دایەوە:
– هم! هم! مادام، وایە فەرمانت پێ دەدەم جار جار باوێشک بدەی و جار جاریش...
پاشا وڕێنەی دەکرد و ڕەنجاو دیار بوو.
ئاخر ئەو دەیویست ڕێز لە دەسەڵاتەکەی بنرێ و سەرپێچیی لە کەس قبووڵ نەدەکرد. ئەو پاشایەکی ملهوڕ بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی پاشایەکی باش بوو، فەرمانی بەجێ نەبێ نەیدەدا، ئەو زۆر جار دەیگوت: «ئەگەر فەرمان بە ژەنراڵێک بدەم کە خۆی بکا بە باڵندەیەکی دەریا و بە قسەم نەکا، خەتای وی نییە، خەتای خۆمە.»
شازادە چکۆلە بە شەرمەوە داوای کرد:
– دەتوانم دانیشم؟
پاشا زۆر بە شکۆوە گنجێکی کەوڵەخزەکەی خڕ کردەوە و وەڵامی دایەوە:
– فەرمانت پێ دەدەم دانیشی.
بەڵام شازادە چکۆلە سەری سوڕمابوو. ئەستێرەکە زۆر بچووک بوو. دەبوو پاشا پاشایەتی بە سەر چییەوە بکا!
پێی گوت:
– خاوەن شکۆ... ببوورن... پرسیارێکم هەیە...
پاشا بە پەلە گوتی:
– فەرمانت پێ دەدەم پرسیارم لێ بکەی.
– خاوەن شکۆ!... ئێوە پاشایەتی بەسەر چییەوە دەکەن؟
پاشا زۆر بە ساویلکەیی وەڵامی دایەوە:

پاشا درێژەی دا:
– راستە! دەبێ لە هەر کەس چاوەڕوانی ئەو شتە بی کە لە دەستی دێ. دەسەڵات پێش هەر شتێک دەبێ لەسەر ئەقڵ دامەزرێ. ئەگەر ئەتۆ فەرمان بە گەلەکەت بدەی خۆ لە دەریا باوێن، بە دژت رادەپەڕن. ئەمن هەقمە داوا بکەم پەیڕەویم لێ بکەن، چونکە فەرمانەکانم بەجێن.
شازادە چکۆلە کە هەرگیز پرسیارێکی دەی کرد لە بیری نەدەچووەوە، داوایەکەی وەبیر پاشا هێنایەوە و وتی:
– ئەدی رۆژئاوابوونەکەی من؟
– رۆژئاوابوونەکەت دەبینی. داوای دەکەم. بەڵام لە زانستی دەوڵەتداریمدا چاوەڕوان دەبم هەلومەرجی لەبار بڕەخسێ.
شازادە چکۆلە پرسی:
– بۆ کەنگێ دەبێ؟
پاشا سەیری رۆژمێرێکی ئەستووری کرد و وەڵامی دایەوە:
– هم، هم... بۆ لای... بۆ لای کاتژمێر حەوت و چل خولکەی ئێوارێ دەبێ. جا دەبینی چۆن فەرمانم بە جێ دەگەیەنرێ.
شازادە چکۆلە باوێشکی هاتێ. لەوە کە ئاوابوونی ئەو رۆژەی هەتاوی لە کیس چووبوو، بەداخ بوو و هەر لە ئێستاوە کەمێک وەڕەز بوو. بە پاشای گوت:
– ئەمن ئیدی ئیشێکم لێرە نییە. دەمەوێ بڕۆم.
پاشا کە لەوەی رەعیەتێکی هەیە زۆری بە خۆی دەنازی، لە وەڵامدا گوتی:
– مەڕۆ، مەڕۆ! دەت کەمە وەزیر.
– وەزیری چی؟
– وەزیری... وەزیری... داد!
– بەڵام ئێرە کەسی لێ نییە دادگایی بکرێ!
پاشا گوتی:

فەرمانێکی بەجێم پێ بدا. بۆ وێنە فەرمانم پێ بدا خولکەیەکی پێ نەچێ لێرە رۆیشتبم. پێم وایە هەل و مەرجی لە باریش رەخساوە...

چونکە پاشا هیچی نەگوت، شازادە چکۆلە لە پێشدا دوودڵ بوو. پاشان ئاهێکی هەڵکێشا و وەڕێ کەوت.

ئەمجار پاشا خێرا هاواری کرد:

– دەتکەمە باڵیۆزی خۆم.

ئەو زۆر وەک بە دەسەڵاتان دەچوو.

شازادە چکۆلە لە درێژەی سەفەرەکەیدا لەبەر خۆیەوە گوتی: «گەورەکان زۆر سەیرن!»

## ۱۱



ئەستێرەی دووهەم لووتبەرزێکی لەسەر دەژیا. لووتبەرز هەر کە چاوی بە شازادە چکۆلە کەوت، لە دوورەوە هاواری کرد:

– هەی! هەی! ئەمەش سەردانی پەسن بێژێک.

ئاخر لووتبەرز پێیان وایە خەڵکی دیکە هەموو پەسن بێژن.

شازادە چکۆلە گوتی:

– رۆژباش. کڵاوێکی سەیرتان هەیە!

لووتبەرز لە وەڵامدا گوتی:

– ئەم کڵاوە بۆ سڵاو کردنە، سڵاو کردن لەو کەسانە کە چەپڵەم بۆ لێ دەدەن و ئافەرینم بۆ دەنێرن.

هەر بۆیە دەستی کردەوە بە چەپڵەلێدان و، لووتبەرزیش بە هەڵێنانی بەڵام لووتبەرز گوێی لێ نەبوو. لووتبەرزەکان لە پێهەڵگوتنی خۆیان بەو لاوە، قەت گوێیان لە هیچ نابێ.

سەرەنجام لە شازادە چکۆلەی پرسی:

– بەڕاست، پێت وایە جێی ستایشم؟

– ستایش یانی چی؟

– ستایش یانی ئەوە کە ئەتۆ، ئەمن بە جوانترین ، تەرپۆشترین، دەوڵەمەندترین و بە هۆشترین دانیشتووی سەر ئەم ئەستێرەیە بزانی.

– بەڵام ئەتۆ لەسەر ئەم ئەستێرەیە بە تەنیای.

– قەی ناکا. دڵخۆشم کە و ستایشم بکە!

شازادە چکۆلە شانێکی هەڵتەکاند و گوتی:

– ئەمن ستایشت دەکەم. بەڵام بە کەڵکی چیی تۆ دێ؟

شازادە چکۆلە ئەمەی گوت و وەڕێ کەوت. ئەو لە درێژەی سەفەرەکەیدا لەبەر خۆیەوە گوتی: «هەر بەڕاستی گەورەکان زۆر سەیرن!»

## ١٢

ئەستێرەی ئەمجارە ئارەقخۆرێکی لەسەر دەژیا. ئەم چاوپێکەوتنە زۆر کورت بوو، بەڵام شازادە چکۆلەی نوقمی ماخولیایەکی گەورە کرد.

ئارەقخۆرەکە کە کۆمەڵێک شووشەی پڕ و کۆمەڵێک شووشەی بەتاڵی لە پێش بوو بە بێدەنگی دانیشتبوو. شازادە چکۆلە پێی گوت:

– ئەتۆ لێرە چ دەکەی؟

ئارەقخۆر بە خەمەوە گوتی:

– دەخۆمەوە.

شازادە چکۆلە لێی پرسی:

– بۆ دەخۆیەوە؟

ئارەقخۆر گوتی:



شازادە چکۆلە کە لە ژیانیدا هەرگیز وازی لە پرسیاری خۆی نەدێنا، دیسان پرسی:

– پێنج سەد و یەک میلیۆن چی؟

مامەڵەچی سەری هەڵبڕی:

– لەو پەنجا و چوار ساڵەدا کە لەسەر ئەم ئەستێرەیە دەژیم، تەنیا سێ جار لە ئیشیان کردووم. یەکەم جار بیست و دوو ساڵ لەمەوبەر قالۆچە سوورکەیەک بوو کە هەر خوا دەزانێ لە کوێ بەر ببووەوە. دەنگە دەنگێکی دەکرد، مێشکی پیاوی دەبرد و لە ژماردنێکدا چوار هەڵەم کردن. جاری دووهەم یازدە ساڵ لەمەوبەر، بەهۆی ئازارێکی لە رادەبەدەری باداریییەوە بوو. ئەمن وەرزش ناکەم و وەختی گەڕانیشم نییە. ئەمن، ئەمن گرینگم. جاری سێهەم... ئێستایە! بەڵێ، جا دەمگوت پێنج سەد و یەک میلیۆن و...

ئارەقخۆرەکە بیر دەکاتەوە».
لەگەڵ ئەوەشدا هێندێ پرسیاری دیکەی لێ کرد.
– چۆن دەکرێ ئەو ئەستێرانە بە هی خۆت بزانی؟
مامەڵەچی خێرا بەد ڕەوشتانە گوتی:
– ئەدی هی کێن؟
– نازانم. هی کەس نین.
– کەوایە هی منن. چونکە ئەمن یەکەم کەس بووم کە ئەمەم بە مێشکدا هاتووە.
– هەر ئەوەندە بەسە؟
– ئەدی چۆن. کاتێک ئەتۆ ئەڵماسێک دەدۆزیەوە کە هی کەس نییە، ئەو ئەڵماسە هی تۆیە. کاتێک تۆ دوورگەیەک دەدۆزییەوە کە هی کەس نییە، ئەو دورگەیە هی تۆیە. کاتێک پێش هەموو کەس بیرێکت بە مێشکدا دێ، ئەو بیرە هی تۆیە و بە ناوی خۆتیەوە دەکەی. ئەمنیش ئەستێرەکان بە هی خۆم دەزانم، چونکە پێش من کەس بیری لەوە نەکردووەتەوە.
شازادە چکۆلە گوتی:
– ئەمە ڕاستە، بەڵام ئاخر ئەمانە چ لێ دەکەی؟
مامەڵەچی وتی:
– بەڕێوەیان دەبەم، دەیانژمێرم و دەیانژمێرمەوە. ئەمە ئاسان نییە. بەڵام ئەمن پیاوێکی گرینگم!
شازادە چکۆلە هێشتا ڕازی نەببوو:
– ئەمن ئەگەر مل پێچێکم هەبێ دەتوانم لە ملمی بهاڵێنم و لەگەڵ خۆمی بەرم. ئەگەر گوڵێکم هەبێ، دەتوانم لێی بکەمەوە و بیبەم. بەڵام خۆ ئەتۆ ناتوانی ئەستێرەکان لێ بکەیەوە.
– نا، بەڵام دەتوانم لە بانکیان دانێم.
– ئەمەیان یانی چی؟

دیکە، یان گـوڵێک دروست بکا. کـاتێک چرایەکـە دەکـوژێنێـتـەوە، ئەستێرەکە یان گوڵەکە دەکاتە خەو. ئەمە خۆ خافڵاندنێکی زۆر جوانە. ئەمە بەڕاستی بەکەڵکە، چونکە جوانە.»

کـاتێک شـازادە چکۆلە چووە سـەر ئەسـتێـرەکـە، بە ڕێزەوە سـڵاوی لە چراداگیرسێنەکە کرد.

– ڕۆژباش. بۆچی چراکەت کوژاندەوە؟

چراداگیرسێن وەڵامی دایەوە:

– فەرمانە. زۆرباش.

– فەرمان چییە؟

– فەرمان ئەوەیە چرایەکەم بکوژێنمەوە. شەوباش.

دیسان چرایەکەی هەڵ کردەوە.

چراداگیرسێن وەڵامی دایەوە:

– ئەدی بۆ هەڵت کردەوە؟

– فەرمانە.

شازادە چکۆلە گوتی:

– تێ ناگەم.

چراداگیرسێن وتی:

– تێگەیشتنی ناوێ. فەرمان فەرمانە. ڕۆژباش.

دیسان چرایەکەی کوژاندەوە.

ئەمجار نێوچاوانی خۆی بە دەسرەیەکی چوار گۆشە چوار گۆشەی سوور سڕیەوە و گوتی:

– ئەمن لێـرە ئیـشـێکی زۆر قـورسم هەیە. جـاران باش بوو. بەیانی دەمکوژاندەوە و ئێوارێ هەڵم دەکردەوە. ئیدی پاشماوەی ڕۆژم بۆ حەسانەوە هەبوو و پاشماوەی شەویش بۆ نوستن.

– ئەدی لەو کاتەوە فەرمان گۆڕاوە؟

چراداگیرسێن گوتی:

– هیچ خۆش نییە. هەر ئێستا ئەوە مانگێکە ئەمن و تۆ پێکەوە قسە دەکەین.

– مانگێک؟

– بەڵێ سی خولکە. سی ڕۆژ. شەو باش.

سەر لەنوێ چرایەکەی هەڵ کردەوە.

شازادە چکۆلە سەیرێکی چراداگیرسێنەکەی کرد و لەوە کە ئەوەندە بە فەرمانەکەی وەفادارە خۆشی ویست. خۆی وەبیرهاتەوە کاتێک جاران سەیری ئاوابوونی هەتاوی دەکرد و جێگۆڕکەی بە کورسییەکەی دەکرد. هەر بۆیە ویستی یارمەتییەکی هەڤاڵەکەی بدا:

– دەزانی... ڕێگا چارەیەک دەزانم بۆ ئەوەی هەر کاتێک ویستت پشوو بدەی...

چراداگیرسێن گوتی:

– هەموو کاتێک دەمەوێ پشوو بدەم.

ئاخر پیاو دەکرێ هەم وەفادار بێ و هەم تەمبەڵ.

شازادە چکۆلە درێژەی دا:

– ئەستێرەکەت ئەوەندە چکۆلەیە دەتوانی بە سێ هەنگاو دەوری بدەیەوە. بۆ ئەوەی هەمیشە هەتاوت لێ دیار بێ، دەتوانی کەمێک لەسەرەخۆ بڕۆی. هەر کات ویستت بحەسێیەوە، بگەڕێ... ئیدی ڕۆژ ئەوەندەی بۆ خۆت بتەوێ درێژ دەبێتەوە.

چراداگیرسێن گوتی:

– ئەمە دەردی من دەرمان ناکا. ئەوەی لە ژیاندا حەزی لێ دەکەم خەوتنە.

شازادە چکۆلە گوتی:

– کەوایە هیچ.

چراداگیرسێن گوتی:

– بەڵێ هیچ. ڕۆژباش.



– خوغرافیازان چییە؟
– جوغرافیازان زانایەکە دەزانێ دەریاکان، رووبارەکان، شارەکان، کێوەکان و بیابانەکان لە کوێن.
شازادە چکۆلە گوتی:
– ئەمە زۆر سەرنج راکێشە. سەرەنجام ئەمەیان پیشەیەکی بە ڕاستییە.
بە دەوری خۆیدا سەیرێکی ئەستێرەی جوغرافیازانەکەی کرد. ئەو هەتا ئەودەم ئەستێرەی ئەوەندە بەشکۆی نەدیتبوو.
– ئەستێرەکەت زۆر جوانە. ئایا زەریای لێیە؟
جوغرافیازانەکە گوتی:
– نازانم.
شازادە چکۆلە کە دڵسارد بۆوە، گوتی:
– ئەدی کێو؟
جوغرافیازانەکە گوتی:
– نازانم.
– ئەدی شار و رووبار و بیابان؟
جوغرافیازان گوتی:
– ئەمەش نازانم.



جوغـرافیـازان تۆمارەکـەی لێک کردەوە و قـەڵـەم دارەکـەی دادا. قـسـەی گـەڕیدەکـان یەکـەم جـار بە قـەڵـەم دار دەنووسن و دوایە ئەگـەر بەڵگـەیان نیشـان دا بە پاندان دەیاننووسنەوە.

جوغرافیازان پرسی:

– دەی.

–شازادە چکۆلە گوتی:

– هم! ئەسـتـێـرەی من هێندە سەرنج راکـێش نیـیـە. زۆر چکۆلەیە. سێ گڕکانم هەن. دوویان چالاکن و یەکیان کوژاوەتەوە. بەشکوم رۆژێک چالاک بێتەوە.

جوغرافیازانەکە گوتی:

– بەشکوم.

– گوڵێکیشم هەیە.

– بە بڕوای ئێوە بچم کوێ ببینم؟
جوغرافیازان وەڵامی دایەوە:
– ئەستێرەی زەوی. زۆر بە ناوبانگە...
شازادە چکۆلە لە کاتێکدا بیری لە گوڵەکەی دەکردەوە وەڕێ کەوت.

## ١٦

ئەستێرەی حەوتەم زەوی بوو.

زەوی وەک ئەستێرەکانی دیکە نییە! لەسەر زەوی سەد و یازدە پاشا (بێ ئەوەی پاشا ڕەش پێستەکانمان لەبیر کردبێ)، حەوت هەزار جوغرافیازان، نۆ سەد هەزار مامەڵەچی، حەوت میلیۆن و نیو ئارەقخۆر و سێ سەد و یازدە میلیۆن لووتبەرز، واتە نیزیک بە دوو میلیارد گەورە دەژین. بۆ ئەوەی پێوانەیەکم سەبارەت بە قەوارەی زەوی دابنە دەست، پێویستە بڵێم کە بەر لە دروست کردنی کارەبا، دەبوایە لە هەر شەش وشکارۆکەدا سوپایەکی گەورەی چوار سەد و شەست و دوو هەزار و پێنج سەد و یازدە کەس چراداگیرسێن رابگری کە دوور بە دوور دیمەنێکی زۆر شکۆداری هەبوو. جموجۆڵی ئەو سوپایە وەک جموجۆڵی بالەیەکی ئۆپێرا ڕێک خرابوو. لە پێشدا چرا داگیرسێنەکانی نیوزلەند و ئوستralیا چراکانی خۆیان هەڵدەکرد. پاشان ئەوان دەچوون دەخەوتن و نۆرەیان دەدایە چرا داگیرسێنەکانی چین و سیبریا. ئەمجار ئەوانیش لەپڕێک خۆیان دەدزیەوە و نۆرە دەگەیشتە چراداگیرسێنەکانی رووسیە و هیندوستان. دوای وان چراداگیرسێنەکانی ئەفریقا و ئورووپا و ئەمجار ئەوانی ئەمریکای باشوور وەدەر دەکەوتن و دواجار نۆرە دەگەیشتە هی ئەمریکای باکور. ئەوانە هەرگیز نۆرەیان لێ تێک نەدەچوو و شتەکە زۆر گەورە و بەشکۆ بوو. ئەوە تەنیا چراداگیرسێنی تاکە چرای تەوەرەی باکور و هاوکارەکەی لە تەوەرەی باشوور بوون کە ژیانی خۆیان بە تەوەزەلی و بێکاری دەبردە سەر: ئەوان لە ساڵدا تەنیا دووجار چراکانی خۆیان هەڵ دەکرد.

مارەکە گوتی:
– ئێرە بیابانە و بیابان کەسی لێ نییە. زەوی گەورەیە.
شازادە چکۆلە لەسەر بەردێک دانیشت، چاوی لە ئاسمان کرد و گوتی:
– تۆ بڵێیی ئەستێرەکان بۆ ئەوە بدرەوشێنەوە کە هەر کەس ڕۆژێک بە ئەستێرەی خۆی شاد بێتەوە. بڕوانە ئەستێرەکەی من. ڕاست لەسەر سەرمانە... بەڵام زۆر دوورە!
مارەکە گوتی:
– ئەستێرەکەت جوانە. ئەتۆ بۆ هاتوویە ئێرە؟
شازادە چکۆلە گوتی:
– گیروگرفتم لەگەڵ گوڵێک هەیە.
مارەکە گوتی:
– ئای!
هەردووکیان بێدەنگ بوون.
سەرەنجام شازادە چکۆلە هاتەوە قسە:
– مرۆڤەکان لە کوێن. لەنێو بیابان هەست بە تەنیایی دەکەم.
مارەکە گوتی:
– لەلای مرۆڤەکانیش هەست بە تەنیایی دەکەی.
شازادە چکۆلە ماوەیەکی زۆر لە مارەکەوە ڕاما و سەرەنجام پێی گوت:
– ئەتۆ گیاندارێکی سەیری! وەک قامک باریکی...
مارەکە گوتی:
– بەڵام ئەمن لە قامکی پاشایەک بەهێزترم.
شازادە چکۆلە بزەیەکی هاتێ:
– ئەتۆ زۆر بەهێز نی... تەنانەت پەلیشت نین... تەنانەت ناتوانی سەفەریش بکەی.
مارەکە گوتی:
– ئەمن دەتوانم لە پاپۆڕێک دوورترت بەرم.

## ١٨

شـازادە چکۆلە لە بیـابانەکـە تێ پەڕی و گـوڵێک نەبێ تووشی هیچ نەبوو، گوڵێکی سێ پەلکە، گوڵێکی نابووتە...

شازادە چکۆلە گوتی:

- ڕۆژباش.

گوڵەکە گوتی:

- ڕۆژباش.

شازادە چکۆلە بە ڕێزەوە پرسی:

- مرۆڤەکان لە کوێن؟

گوڵەکە کە ڕۆژێک کاروانێکی دیتبوو بەوێدا تێ پەڕیبوو، گوتی:

- مـرۆڤ؟ لێـیـەتی. شـەش حـەوتێک، وا بزانم. چەند سـاڵ لەمـەوبەر دیتمن. بەڵام قەت کەس نازانێ لەکوێن. با دەیان با و دەیان هێنێ. ئەوان ڕەگیان نییە و ئەمە زۆریان ئازار دەدا.

شازادە چکۆلە گوتی:

- بە خوات دەسپێرم.

گوڵەکە گوتی:

- خوات لەگەڵ.



– ڕۆژباش... ڕۆژباش... ڕۆژباش.

شازادە چکۆلە پرسی:


– ئەتۆ کێی؟

دەنگدانەوەکە وەڵامی دایەوە:

– ئەتۆ کێی... کێی... کێی...

شازادە چکۆلە گوتی:

– ببە هەڤاڵم. ئەمن تەنیام...



دەنگدانەوەکە وەڵامی دایەوە:

– ئەمن تەنیام... تەنیام... تەنیام.

لێرەدا شازادە چکۆلە بیری کردەوە: «چەند ئەستێرەیەکی سەیرە، وشک و تیژ و سوێر! مرۆڤەکان خولقێنەر نین و هەرچی دەی بیسن دووپاتی دەکەنەوە... ئەمن لەماڵێ گوڵێکم هەبوو. هەمیشە ئەو لە پێشدا قسەی دەکرد...»

## ٢٠

شازادە چکۆلە دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆر بەنێو خیز و گاشەبەرد و بەفردا ڕۆیشت سەرەنجام ڕێگایەکی دۆزیەوە. هەموو ڕێیەک دەچێتەوە لای مرۆڤەکان.



له نێو گیادا دانیشت و گریا.

بەڵام هیچی نەدی.
دەنگەکە گوتی:
- لێرەم، لەبن دار سێوەکە.
شازادە چکۆلە وتی:
- تۆ کێی، تۆ زۆر جوانی!...
ڕێوییەکە گوتی:
- ئەمن ڕێویم.
شازادە چکۆلە پێشنیاری پێ کرد:
- وەرە یاریم لەگەڵ بکە. ئەوەندە دڵتەنگم...
ڕێوییەکە گوتی:
- ئەمن ناتوانم یاریت لەگەڵ بکەم. ئەمن ڕام نەکراوم.
شازادە چکۆلە وتی:
- ئاه! ببوورە.
بەڵام دوای بیرکردنەوەیەک درێژەی دا:
- «ڕام کردن» یانی چی؟

یەکتـر دەبێ. ئەتۆ بۆ من لە جیـهـاندا تاک دەبی. ئەمن بـۆ تۆ لە جیـهـاندا تاک دەبم...

شازادە چکۆلە گوتی:

– خەریکە تێ دەگەم... گوڵێک هەیە... وا بزانم ئەمنی رام کردوە...

ڕێوییەکە گوتی:

– لەوانەیە. لەسەر زەوی هەموو جۆرە شتێک هەیە...

شازادە چکۆلە گوتی:

– ها! لەسەر زەوی نییە.

ڕێوی سەری سوڕما و گوتی:

– لە ئەستێرەیەکی دیکەیە؟

– ئا.

– ئەو ئەستێرەیە راوچیی لێیە؟

– نا.

– ئەمە شتی چاکە. ئەدی مریشک؟

– ئەویشی لێ نییە.

ڕێوی ئاهێکی هەڵکێشا و گوتی:

– هیچ شتێک بێ کەم و کوڕی نییە.

بەڵام ڕێوییەکە هاتەوە سەر باسی خۆی و گوتی:

– ژیانی من گۆڕانی تێدا نییـە. ئەمن مریشکان دەگرم و مرۆڤـەکـانیش من. هەمـوو مـریشـکەکـان وەک یەک دەچن و هەمـوو مـرۆڤـەکـانیش وەک یەک. هەر بـۆیە لێـرە کـەمـێک وەڕەزم. بەڵام ئـەگـەر ئەتۆ رامم بکەی، وەک ئەوە وا دەبێ هەتاوی ژیـانم هەڵاتبێ. ئـەمن لەگـەڵ هەسـتی پێی تۆ ئاشنا دەبم کە لەگەڵ دەنگی هەموو پێیـەک جیـاوازیی دەبێ. هەستی پێیـەکانی دیکە دەمنێرێتەوە نێو کونەکەم. بەڵام هەستی پێی تۆ وەک ئاوازی مۆسیقا لە هێـلانە دەمـهـێنێـتە دەر. ئەوجـار سـەیرکـە! ئەو مـەزرا گەنمانەی هۆوەی دەبینی؟ ئەمن نانخۆر نیم و گەنم بۆ من شتێکی بێ کەڵکە. گەنم جاڕەکان



بۆ وێنە ئەگەر کاتژمیر چواری دوای نیوەڕۆ بێی، لە کاتژمێر سێ ڕا هەست
بە بەختەوەری دەکەم

ناسینی هیچیان نییە. ئەوان شتی ساز و ئامادە لە فرۆشیاران دەکڕن. بەڵام چونکە فرۆشیارێک نییە هەڤاڵان بفرۆشێ، مرۆڤەکان بێ دۆست و هەڤاڵ ماونەتەوە. ئەتۆ ئەگەر هەڤاڵت دەوێ من رام بکە!

شازادە چکۆلە پرسی:

– دەبێ چ بکەم؟

– دەبێ زۆر بەشێنەیی بی. لەپێشدا کەمێک دوور لە من، ئاوا لەنێو گیا دانیشە. بە سیلەی چاو سەیرت دەکەم و ئەتۆ هیچ مەڵێ. زمان سەرچاوەی لێک دردۆنگ بوونە. بەڵام رۆژ بە رۆژ دەتوانی نزیکتر دانیشی...

سبەینەکەی شازادە چکۆلە هاتەوە.

– ئاخر دەگریەی.
ڕێوبییەکە گوتی:
– هەڵبەت.
– کەوایە چ قازانجێک ناکەی.
ڕێوبییەکە وتی:
– با. لەبەر ڕەنگی گەنم.
ئینجا درێژەی دا:
– بچوو سەیرێکی سوورەگوڵەکان بکەوە. جا بۆت دەردەکەوێ گوڵەکەی خۆت لە جیهاندا تاکە. پاشان وەرەوە ماڵ ئاواییم لێ بکە. ئەمنیش وەک دیاری نهێنییەکت لەلا دەدرکێنم.
شازادە چکۆلە چوو سەیرێکی سوورەگوڵەکانی کردەوە و پێی گوتن:
– ئێوە هیچ وەک سوورەگوڵەکەی من ناچن. ئێوە جارێ هیچ نین. هیچ کەس رامی نەکردوون و ئێوەش کەستان رام نەکردوە. ئێوە وەک ڕێوبییەکەی منن ئەو کاتە کە تازە دەمناسی. ئەو ڕێوبییەک بوو وەک سەد هەزار ڕێوبی دیکە. بەڵام ئەمن کردمە هەڤاڵی خۆم و ئێستا ئەو لە جیهاندا تاکە.
سوورەگوڵەکان ئەمەیان پێ ناخۆش بوو. ئەمجار شازادە چکۆلە پێی گوتن:
– ئێوە جوانن، بەڵام پووچن. کەس بۆتان نامرێ. دیارە ڕێبوارێکی ئاسایی پێی وا دەبێ سوورەگوڵەکەی من وەک ئێوە دەچێ، بەڵام ئەو بە تەنیا لە هەمووتان زیاترە. چونکە ئەمن ئەوم ئاو داوە. قاوغە شووشەم بەسەر ئەو ڕۆکردوە. باگێڕەوەم بۆ ئەو داناوە. کرمەکانی دەوروبەری ئەوم کوشتوون (جگە لە دوو سێیەکیان بۆ ئەوەی بۆی ببنە پەپوولە). چونکە من گوێم بۆ ئەو رادەگرت ئەو کاتانەی سکاڵای دەکرد، یان ئەو وەختانەی تاریفی خۆی دەکرد و تەنانەت ئەوودەم کە بێدەنگیش دەبوو. چونکە گوڵەکەی خۆم ئەوە.
ئەمجار هاتەوە لای ڕێوبییەکە و گوتی:

قـەتارانەی هەڵیـان دەگـرن، بەڕێ دەکـەم. جـار جـار بۆ لای ڕاست و جـار جاریش بۆ لای چەپ.
ژووری ڕێنوێنی کردن بە تێپەڕینی قەتارێکی تیژڕەوی چرادار کە وەک بروسکە گرمەی هات لەرزی.
شازادە چکۆلە گوتی:
- ئەمانە زۆر بەپەلە دیارن، لە چی دەگەڕێن؟
ڕێنوێنەکە گوتی:
ئەوەی لێشی دەخوڕێ نازانێ.
قەتارێکی تیژڕەوی دیکە لە لایەکی دیکەوە گرمەی هات.
شازادە چکۆلە پرسی:
- کوێرا هاتنەوە؟
ڕێنوێنەکە گوتی:
- ئەمانە ئەوانە نین کە ڕۆیشتن. ئەمە بۆ ئاڵوگۆڕە.
- چما بە جێی خۆیان ڕازی نەبوون؟
ڕێنوێنەکە گوتی:
قەت کەس بە جێی خۆی ڕازی نییە.
گرمەی قەتارێکی تیژڕەوی دیکە هات. شازادە چکۆلە پرسی:
- ئەمانە بەدوای ئەوانی پێشوودا دێن؟
ڕێنوێنەکە گوتی:
- بە دوای هیـچدا نایەن. ئەمانە لە قـەتاردا یان دەخەون یـان باوێشـک دەدەن. منداڵەکان نەبێ کە لووت بە شووشەی پەنجەرەکانەوە دەنێن.
شازادە چکۆلە گوتی:
- تەنیـا منداڵان دەزانن لە چی دەگـەڕێن. ئەوان وەختـی خـۆیان لەگـەڵ بووکە شووشـەیەکی پەڕۆ کەبۆ وان زۆر گرینگە تێپـەڕ دەکەن. ئەگەر بووکە شووشەکەشیان لێ بستێنی، دەگرین...
ڕێنوێنەکە گوتی:

کاتی زیادیم بوایە، زۆر بە کاوەخۆ بەرەو کانیاوێک هەنگاوم دەنا...»

## ٢٤

هەشتەم رۆژی مانەوەم لەنێو بیاباندا بوو و بە سەرهاتی فرۆشیارەکەم لەگەڵ خواردنەوەی دوا دڵۆپی ئەو ئاوەی پێم بوو گوێ دابۆیە. بە شازادە چکۆلەم گوت:

– ئاە، بیرەوەرییەکانت زۆر شیرنن، بەڵام هێشتا فڕۆکەکەم چاک نەکردووەتەوە و ئاوی خواردنەوەشم پێ نەماوە. ئەمنیش بەختەوەر دەبووم ئەگەر توانیبام زۆر بە کاوەخۆ بچمە سەر کانی‌یەک.

ئەو پێی گوتم:

– رێوییەکەی هاوڕێم...

– پیاوە چکۆلەکەم! مەسەلەکە چیدی رێوی نییە!

– بۆ؟

– چونکە لە تینوان دەمرین...

– مرۆڤ بشمرێ ئەگەر هەڤاڵێکی بووبێ هەر باشە. ئەمن زۆر بەوە کە هاوڕێیەکی رێویم هەبووە دڵخۆشم...

لە دڵی خۆمدا گوتم: «ئەو مەترسییەکە هەست پێ ناکا. ئەو هەرگیز نە تینووی دەبێ نە برسی. کەمێک تیشکی هەتاوی بەسە...»

کەچی سەیرێکی کردم و وەڵامی بیر کرنەوەکەمی دایەوە:

– ئەمنیش تینوومە... با بگەڕێین چاڵاوێک بدۆزینەوە...

وازم لێ نەبوو. زۆر رەنجێکی بێ سوودە لەو بیابانە پان و بەرینە لە گۆترە بۆ چاڵاو بگەڕێی! لەگەڵ ئەوەشدا وەڕێ کەوتین.

پاش ئەوەی چەند کاتژمێر بە بێدەنگی بە رێدا رۆیشتین، شەومان بەسەر هات و ئەستێرە هەڵاتن. ئەمن کە لە تینووان کەمێکم تا هەبوو، ئەستێرەکانم وەک لە خەونێکدا بەدی دەکردن. قسەکانی شازادە چکۆلە لە مێشکمدا دەهاتن و دەچوون. لێم پرسی:

چاو نابینرێ!

گوتی:

– دڵخۆشم کە دەبینم لەگەڵ ڕێوبییەکەی من هاو باوەڕی.

لەبەر ئەوەی شازادە چکۆلە خەریک بوو خەوی لێ بکەوێ، لە باوەشم کرد و وەڕێ کەوتمەوە. هەژا بووم. وام دەزانی گەوهەرێکی ناسکم پێیە. تەنانەت هەستم دەکرد لەسەر زەوی هیچ شتێک ئەوەندە ناسک نییە.لەژێر تیشکی مانگە شەودا سەیری ئەو هەنیە ڕەنگ پەڕیوە، ئەو چاوە لێک نراوانە و ئەو لسپە مووانەم دەکرد کە بە شنەی با دەلەرزین و لە دڵی خۆمدا دەمگوت: «ئەوەی ئەمن دەیبینم تەنیا ڕواڵەتێکە و هیچی دیکە. بە هەمووی گرنگترە کە بە چاو نابینرێ...»

لێوە نیوە پشکووتووەکانی زەردەخەنەیەکیان لەسەر نیشتبوو، دیسان لە دڵی خۆمدا گوتم: «شتێک کە لەو شازادە چکۆلە خەو لێکەوتووەدا ئەمن شەیدای خۆی دەکا، وەفادارییەکەیەتی بۆ گوڵێک، وێنەی ئەو سوورەگوڵەیە کە تەنانەت کاتێک نووستووشە، وەک گڕی چرا لە ناخیدا دەدرەوشێتەوە...» ئەمجار هێندەی دیکەم ناسک هەست پێ کرد. چرا دەبێ جوان پارێزگارییان لێ بکەی، بایەک دەتوانێ بیانکوژێنێتەوە...

هەروا دەڕۆیشتم کە بەری بەیانی چاڵاوەکەم دۆزیەوە.

## ٢٥

شازادە چکۆلە گوتی:

– مرۆڤەکان لەنێو قەتارە تیژڕەوەکان دەخزێن. بەڵام ئیدی نازانن لە چی دەگەڕێن. هەر بۆیە دەشڵەژێن و بە دەوری خۆیاندا دەسووڕێن.

ئینجا درێژەی دا:

– چ پێویستە وا بکەن؟...

ئەو چاڵاوەی تووشی ببووین هیچ وەک چاڵاوی سەحەرە نەدەچوو. چاڵاوەکانی سەحەرە هێندێ قوڵکەی ساکارن کە لەنێو ڕەڵمدا

پێکەنی. تەنافەکەی گرت و خولخولەکەی هەڵسوڕاند. خولخولەکە وەک کۆنە باپیێرێک کە لە مێژ بێ با لێی نەدابێ، خڕەی لێ هات.

شازادە چکۆلە گوتی:

– گوێت لێیە؟ ئێمە چاڵاوەکە لە خەو هەڵدەستێنین، ئەویش گۆرانییان دەڵێ...

پێم خۆش نەبوو خۆی ماندوو بکا:

– بیدە بە من هەڵی سووڕێنم. ئەمە بۆ تۆ زۆر قورسە.

بەسپایی دۆڵچەکەم هەتا لێواری چاڵاوەکە هێنا و ڕاست ڕام گرت. دەنگی خولخولەکە هەروا لە گوێمدا دەزرینگایەوە، لەنێو ئاوەکەدا کە هێشتا دەلەرزییەوە، لەرزانەوەی وێنەی هەتاوم دەدی.

شازادە چکۆلە وتی:

– ئەمن تینووی ئەو ئاوەم. بمدەیە بخۆمەوە.

تێ گەیشتم لە چی گەڕاوە!

دۆڵچەکەم تا ئاستی لێوانی هەڵێنا. چاوی لێک نان و خواردیەوە. خۆش بوو وەک جێژن. ئەو ئاوە خواردەمەنی نەبوو. ئاوێک بوو کە لە ڕێگا ڕۆیشتنی بەر شۆقی ئەستێران و دەنگە دەنگی خولخولەکە و لە هەوڵی شان و باهۆی من بە دەست هاتبوو. ئەو ئاوە وەک دیارییەک بۆ دڵ باش بوو. کاتێک منداڵ بووم، ڕووناکایی داری نۆئێل و ئاهەنگی دوعای نیوەشەو و ناسکیی زەردەخەنەکان دیاریی نۆئێلیان بۆ دەڕازاندمەوە.

شازادە چکۆلە گوتی:

– مرۆڤەکانی لای تۆ پێنج هەزار سوورەگوڵ لە باخچەیەکدا دەنێژن و ئەو شتەی لێی دەگەڕێن وە دەستیان ناکەوێ...

لە وەڵامدا گوتم:

– وە دەستیان ناکەوێ.

– لە کاتێکدا ئەو شتە دەتوانێ لە چڵە سوورەگوڵێک یان چۆڕێک ئاودا وە دەست کەوێ...

ئینجا دوای بێدەنگییەک وتی:

– لەو نێزیکانە بەر بوومەوە...

ڕەنگی سوور هەڵ گەڕا.

سەر لەنوێ، بێ ئەوەی هۆیەکەی بزانم خەمێکی نائاساییم لە دڵی خۆمدا هەست پێ کرد. لەگەڵ ئەوەش پرسیارێکم بۆ هات و گوتم:

– کەوایە ئەو بەیانییەی هەشت ڕۆژ لەمەوبەر تۆم ناسی، لەخۆڕا نەبوو بە تاقی تەنیا دەگەڕای. لەو شوێنەی بە هەزار میل لە هەر خاکێکی ئاوەدان دوور بوو. دیارە بەرەو ئەو جێیە دەچووی کە لێی بەربوویەوە؟

شازادە چکۆلە دیسان سوور هەڵ گەڕا.

ئەمنیش بە دوو دڵییەوە گوتم:

– هەڵبەت لەبەر ساڵوەگەڕەکەی بوو؟...

شازادە چکۆلە سەرلەنوێ سوور هەڵگەڕایەوە. ئەو هیچ کات وەڵامی پرسیارەکانمی نەدەدایەوە. بەڵام کاتێک مرۆڤ سوور هەڵدەگەڕێ، نیشانەی ئەوەیە کە شتەکە وایە. ئێوەش پێتان وانییە؟

پێم گوت:

– ئای! دەترسم...


کەچی وەڵامی دایەوە:

– ئەتۆ ئێستا دەبێ ئیشەکەت تەواو کەی. دەبێ بچییەوە لای فڕۆکەکەت. لێرە چاوەڕێت دەبم. سبەی ئێوارێ وەرەوە.

لەگەڵ ئەوەش هەر دڵنیا نەبووم. ڕێوییەکەم وەبیر هاتەوە. کاتێک لێ دەگەڕێی رامت کەن، دوایە لەوانەیە کەمێک بگریەی...

## ٢٦

لە تەنیشت چاڵاوەکە کۆنە دیوارێکی ڕووخاو هەبوو. ئێوارەی ڕۆژی دوایی کاتێک لە ئیشەکەم گەڕامەوە، لە دوورەوە شازادە چکۆلەی خۆمم دی کە لەو سەرە دانیشتووە و لاقی شۆڕ کردوونەوە، گوێم لێ بوو قسەی



– ئێستا بڕۆ، دەمەوێ بێمە خوار!

دڵی بوو کە دەتگوت هی دڵی باڵندەیەکە بە تاپڕ هەنگاوتبێتیان و خەریک بێ بمرێ. پێی گوتم:

– خۆشحاڵم لەوە کە ئەو شتەت کە بۆ فرۆکەکەت پێویست بوو دەست کەوتووە.

ئەوجار دەتوانی بچیەوە لای خۆت...

– بە چی را دەزانی؟

بە رێکەوت ئەمن دەمەویست پێی بڵێم کە سەرەڕای هەموو تەما لێبڕاوییەکەم، سەرەنجام لە ئیشەکەمدا سەرکەوتم.

ئەو وەڵامی پرسیارەکەمی نەدایەوە. بەڵام دیسان گوتی:

– ئەمنیش ئەمڕۆ دەچمەوە جێگای خۆم...

ئینجا ماخولیاوی‌یانە لەسەری رۆیشت:

لەسەر ئەستێرەیەک بێ، خۆشە شەوانە سەیری ئاسمان بکەی. هەموو ئەستێرەکان بە گوڵ دەنەخشێن.

– دیارە...

– یان وەک مەسەلەی ئاوەکە. ئەو ئاوەی داتمێ بیخۆمەوە، بە هۆی خولخولە و تەنافەکەوە وەک ئاوازی مۆسیقا بوو. لەبیرتە؟... چەند خۆش بوو.

– راستە...

– شەوانە بڕوانە ئەستێرەکان. ئەستێرەکەی من زۆر لەوە چکۆلەترە بتوانم جێیەکەیت نیشان بدەم. هەرواش باشترە. چونکە ئاوا ئەستێرەکەی من بۆ تۆ یەکێک لەو ئەستێرانە دەبێ. هەر بۆیە حەز دەکەی سەیری هەموویان بکەی. هەموویان دەبنە هەڤاڵت. جگە لەوە دەمەوێ دیارییەکیشت بدەمێ...

دیسان پێکەنی.

– ئای! پیاوە چکۆلەکەم، پیاوە چکۆلەکەم، حەز دەکەم گوێم لەو



- به جێت ناهێڵم.

- ئاخر وەک ئەوە دەبێ تەواو بم... کەمێک وەک ئەوە دەچم خەریک بێ بمرم. ئاوایە. بۆ دیتنی ئەمە مەیە، ئەوەندەی ناهێنێ.

- به جێت ناهێڵم.

بەڵام ئەو نیگەران بوو:

- ئەوەت کە پێ دەڵێم... لەبەر مارەکەشە. نابێ پێتەوە بدا... مار بە ئازارن. بۆ خۆشیی خۆیان پێوە دەدەن.

- به جێت ناهێڵم.


بەڵام شتێک دڵنیای کرد و گوتی:

- راستە کە بۆ جاری دووهەم ژەهریان نامێنێ...

ئەو شەوە نەمدی وەرێ کەوێ. بێدەنگ بۆی دەرچووبوو. کاتێک توانیم بیگەمێ لێبڕاوانە رێگای دەبڕی و خێرا هەنگاوی دەنا. تەنیا گوتی:

- ئای! هاتی...

دەستی گرتم. بەڵام سەرلەنوێ هەژایەوە:





بەسپایی وەک دارێک کە دەکەوێ رانیشت.

لە پەنا گوێزینگی پێی تیشکێکی زەرد درەوشایەوە و هیچی دیکە. دەمە ساتێک جووڵەی نەکرد. هاواری نەکرد. بەسپایی وەک دارێک کە دەکەوێ رانیشت و لەبەر ئەوەی کەوتە سەر رەڵم، تەنانەت دەنگی کەوتنەکەشی نەهات.

## ٢٧

ئێستا لەو کاتەوە شەش ساڵ رابردوە... ئەمن ئەو بەسەرهاتەم هێشتا بۆ کەس نەگێڕاوەتەوە. ئەو هەڤاڵانەی دووبارە منیان دیتەوە، لەوە کە بە زیندوویی دیتیانمەوە زۆر دڵخۆش بوون. لە سەرەتادا دڵم تەنگ بوو، بەڵام پێم دەگوتن «ماندووم»...

ئێستا کەمێک راهاتوومەوە... واتە نەک بە تەواوی... بەڵام دەزانم ئەو

شـەوێک لە بیـری چووبێ قـاوغـە شووشـەکە بەسـەر گوڵەکـەی ڕۆکـا ، یان شــەوێک مــەڕەکــە بێــدەنـگ لە سندووقــەکــەی هاتبــێــتــەدەر...» ئیــدی زەنگوڵەکان هەموو دەبنە فرمێسک!...

ئەمە نـهێنییـەکی زۆر گەورەی تێدایە. بـۆ ئێـوەش کە شـازادە چکۆلەتان خـۆش دەوێ و بۆ منیش، لە جیـهـاندا هیـچ شتـێـک هێندەی ئەو پرسیـارە گرینگیی نییـە کە داخوا لە شـوێنێک کە نازانین کوێیـە، مەڕێک کە ئێـمە نای ناسین سوورەگوڵێکی خواردووە یان نا...

لە ئاسمان هەڵڕوانن و لە خۆتان بپرسن: مەڕەکە گوڵەکەی خواردووە یان نا ؟ جا دەبینن چۆن هەموو شتێک دەگۆڕێ...

هیچ گەورەیەکیش هەرگیز تێ ناگا کە ئەمە ئەوەندە گرنگە!

ئەمـە بۆ من جـوانتـرین و خـەمـینـتـرین دیمەنە لە جیـهـانـدا. ئەمـە هەمـان دیمەنـی لاپەڕی پێـشــووە، بەڵام جـارێکی تر کـێـشـامـەوە بۆ ئەوەی جـوان نیشانتانی بدەم.

شازادە چکۆلە لێرە لە سەر زەوی بە دەرکەوت و هەر لێرەش ون بوو.

بە ســەرنجـەوە ســەیری ئەو دیمەنە بکەن بۆ ئەوەی دڵنـیـا بـن کـە ئەگــەر ڕۆژێک سەفەرتان کرد بۆ ئەفریقا ، بـۆ نێو بیـابان، دەیناسنەوە. ئەگەر هات و بێـرەدا تێـپـەڕ بوون، تکاتان لێ دەکـەم بە پەلە مـەبن، کـەمـێک لەبن ئەستێرەکە راوەستن! جا ئەگەر منالێک هاتە لاتان، ئەگەر پێکەنی، ئەگەر پرچی وەک زێڕی هەبوو ، ئەگــەر کــاتێـک پرســیــارتـان لێ کــرد وەڵامـی نەدایەوە، باش بزانن کێیـە. ئەو کاتە مێهرەبان بن! مەهێڵن چیدی ئەوەندە دڵتەنگ بم: خێرا بۆم بنووسن کە هاتۆتەوە...

(٢٥) القومية الكردية و د. عبدالله جودت في مطلع القرن العشرين. تأليف: مالميسانژ. ترجمة: شكور مصطفى.
(٢٦) كۆمەڵناسیی گەلی کورد. دانانی: مارتن ڤان بروویین سن. وەرگێڕانی: شوکور مستەفا.
(٢٧) هەڵبژاردنەکانی کوردستان. دانانی: بەدران ئەحمەد.
(٢٨) تنوع الكرد في العراق ـ مدخل الي السياسة. تاليف: سامي شورش.
(٢٩) هەڵەبجە ـ کارەساتی کیمیابارانی ساڵی ١٩٨٨. دانانی: هەورامان عەلی توفیق.
(٣٠) گاڵتە بەچەک. ڕۆمان ـ نووسینی: جێمس ئۆڵدرج. وەرگێڕانی: د. عەزیز گەردی.
(٣١) لە مۆرکە تايبەتییەکانی ڕێزمانی کوردی. دانانی: د. شێرکۆ بابان.
(٣٢) بەرەو ڕێزمانی کوردی، بەرەو زمانی نووسین. دانانی: د. شێرکۆ بابان.
(٣٣) نادرنامەی ئەڵماس خانی کەڵهوڕ. ئامادەکردنی: شوکور مستەفا.
(٣٤) نظام الأناضول الشرقية. تاليف: اسماعيل بيشكچي. ترجمة: شكور مصطفى.
(٣٥) سینتاکسی ڕستەی کوردی. د. کوردستان موکریانی.
(٣٦) فەرهەنگی شارەزوور. کوردی– ئینگلیزی. دانانی: د. شەفیق قەزاز.
(٣٧) الصراعات الدولية. تأليف: محمد احسان رمضان.
(٣٨) مەلا مەحموودی بایەزیدی یەکەمین چیرۆکنووس و پەخشاننووسی کورد. دانانی: د. فەرهاد پیربال.
(٣٩) گێتی زیندەوەر. دانانی: عەلائەدین سەجادی.
(٤٠) مێژووی پەخشانی کوردی. دانانی: عەلائەدین سەجادی.
(٤١) دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی. ئامادەکردنی: شوکور مستەفا.
(٤٢) كردستان ودوامة الحرب. تأليف: محمد احسان رمضان.
(٤٣) ڕۆمانی ڕێگا. دانانی: محەمەد مەولوود مەم.
(٤٤) مقالات حول القضية الكردية. تأليف: فوزي الأتروشي.
(٤٥) حياتي الكردية أو صرخة الشعب الكردي. مذكرات: نورالدين زازا.
(٤٦) بۆ کوردستان. دیوان: هەژار موکریانی.
(٤٧) جنوب كردستان في الدراسات الانثروپولوجية. ترجمة: جرجس فتح الله.
(٤٨) مهد البشرية او الحياة في شرق كردستان. تأليف: دبليو. أي. ويگرام وادگار. تي. أي. ويگرام. ترجمة: جرجيس فتح الله.
(٤٩) مبحثان على هامش ثورة الشيخ عبيدالله النهري. تأليف: جرجس فتح الله.
(٥٠) أيامي في ثورة كردستان. مذكرات: يونان هرمز.
(٥١) لقاء الكرد واللان في بلاد الباب وشروان. تأليف: جمال رشيد.
(٥٢) ئاوەدانکردنەوەی کوردستان لە ساڵێکدا – چالاکییەکانی کابینەی چوارەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٠دا و پلانەکانی بۆ داهاتوو.